# کەڤاڵی هەڵوەرین

عومەر کەریم بەرزنجی



چۆن نەتزانی ڕدێنی خوایش واسپی بوو
کەچی لەنێو....
خەونی سەوزی بۆنی لیمۆو سێوەکانی ئەو باخەدا
سەرگەردانی.
نەتدەزانی ئەو ڕێگایە بەرەو کوێو دەبات
ئێرە ئاوانابێتەوە
بەژنی سەوزی سنەوبەرەکانی ئەم زێدە
وەکو باخی رووتاوەی شار...
زەرد هەڵگەڕاو
قەت بەناو"با"دا ڕێمەکە
سنگی نیشتیمان رووتاوە
منیش لەناو کەڤاڵی ئەم پایزەدا
سەمای وەرینی خۆم دەکەم

ئەی پەری شاکاری خەونی من
تۆ سێوێکم پێدەبەخشی
وەلێ کچێ: لە پشت هەوری گومانەوە
خە نجەرەکەی مەرگەوەڕدێو
ئەو ڕازەمان لە سینەتا گۆڕ گوم دەکات.
ئەی حەوا...
لەنێو چەخماخەی شمشێری شوێنکەوتەی قابیلدا
دەبێتە سێوێکی دوو لەت بوو.